
# لە ڕزگارەوە بۆ ڕزگار. . . . . . ڕزگار ڕەنجەڕۆ



ئەو ئازادیەی كوردستان لەگەڵ هەموو كەموكورتیەكانیەوە لە بواری ڕۆشنبیری هەنگاوی مەزنی هاوێشتووە بە دەیان نووسەری بە توانای لێهەڵكەوتوە، یەكێ لەوانە برای بەرێزو خۆشەویستم و هونەرمەند لە بواری كامیراو دەرهێنان لە لایەك، لە بواری نوسینیش لە لاكەی تری زۆر لەمێژە نوسینەكانی ئەو ڕۆشنبیرە دەخوێنمەوە و زیاتر سەرنجم رادەكێشێ و زیاتر خۆشم دەوێ كە زۆر بوێرانە پەنجە لەسەر هەندێ ڕستە شێوێندراوەكانی ناو كۆمەڵگاكەمان دادەنێ زۆر جاران مەبەستی سەرەكی خۆی دەپێكێ بەڵام ئەم جارەیان لەگەل ڕێزو خۆشەویستیم دەمەوێ هەڵوەستەیەك بكەم لە دوا نوسینی كاك ڕزگار كۆچەر كە بە ناوی (با ساڵی تازەی خوێندن قوتابیان لە مامۆستایان بدەن!!!!!)

لەسەرتا بەوە دەستپێدەكا كە مامۆستا شەهاب ئەگەر ئەو چوار دارەی لێنەدابا باش فێری وانەی كیمیا نەدەبوو. . . هتد ئەو ڕستەیە شێوازێكی تری وانەی كیمیای مامۆستا ئیسماعیل خۆشناوی بیر هێنامەوە كە لە ئامادەیی كوردستان - هەولێر، كە بەسەر خۆم هات دەمەوێ بیكەمە نمونەیەك " ڕۆژێكیان من ئەركی ماڵەوەی وانەی كیمیام ئامادەنەكردبوو. . قەدەر وای هێنا مامۆستا ئیسماعیل هەڵیستاندم شرۆڤەی ئەركەكەم بكەم كەچی وەك باسم كرد ئامادە نەبووم مامۆستا پێی وتم دەباشە پێناسەی غیرەتم بۆ بكە، منیش لە ناو ئە هەموو قوتابیە وتم مامۆستا یەكێ لە پێناسەكانی ئامادەكردنی ئەركی سەرشانە، ڕووی لە قوتابیان كرد و ووتی مادام ڕزگار ئەوە دەزانێ ئەو جارە لێی دەبوورین. .

وا بۆ ٢٧ سال دێ من ئەو وانەیەم لە بیر ماوەو زۆر وانەی تری لێ فێربووم لە خوێندنی هەندەرانیشم خۆ مامۆستا دەیتوانی بە چەند زللەیەك سزام بدا لەگەڵ هەموو دەردەسەریەكی ئەو ڕۆژگارە دەكەوتە دەریای عەدەم و ئەمرۆش نەدەبووە ئەم نمونەیە بەرزە و بەبێ سزادانیش من و سەدان قوتابی فێری كیمیا و وانەكانی تر بووین. باسی ئەوە ناكەم لەم هەندەرانە چ جۆرە پەروەردەیەك بۆ قوتابیان ڕەچاو دەكرێ هەر ئەوەندە دەڵێم زۆر جاران مناڵەكانی خۆم پێم دەڵێن مامۆستاكانمان لێمان دەپرسن لە ماڵەوە لێتان نادەن؟كاكە ڕزگار نابێ ئەوەش لە بیر بكەین كە هەندێ لە وانەی كە ئەمرۆ لە كوردستان پێیان دەڵێن مامۆستا كەچی ڕق و قینەو گرفتە تایبەتیەكانی خۆی بەبێ هۆ بە نەوەی دواڕۆژ دادەڕێژێ بە لێدان و سزادان كە زۆر جاران ئەو جۆرە سزایە بەر منیش كەوتووە، ڕاستە هەندێ كەس دەیەوێ ڕێكلام بۆ خۆی و بێئاستییەكەی خۆی لە كەناڵەكانی تەلەفزیون بكات بەڵام ئێمەی خوێندەوار نابێ چاوپۆشیش لەو جەللادانە بكەین كە ئەمرۆ لە مووچە وەرگرتن و سزادانی نەوەكانمان باسكیان لێهەڵماڵیوە فریان بەسەر زانستەوە نیە، یەكێ لەو جۆرانە ئازایەتی خۆی بۆ باسكردم كە گوایە مناڵێك زۆر سزا دەدا هەر بۆ ئەوەی زوو زوو بە دیداری دایكە شۆخ و شەنگەكەی شادبێ. لە نوسینەكەت پێشبینی

هاندان و پاڵپشتی ئەو بێ ویژدانانەم کرد کە بەردەوام بن لە ئازاردانی نەوەی دوارۆژ هەرچەندە من دڵنیام لە دڵسۆزی کوڕە شەهیدێکی وەك تۆ کە ئەمە مەبەستت نیە بەڵام هەزاران خوێنەر هەیە وەك من لە تۆ ناگەن.

ڕزگار ڕەنجەرۆ
rizgar_rencero@hotmail. com